# جێگری سەرۆکی شارەوانیەکانی جیهان بۆئاشتی

# "تۆپبارانکردنی سنورەکانی هەرێم هۆکارێک بو بۆ بەشداری نەکردنم لەکۆنفراسی نوێنەرانی ئاشتی"



**سەلاح جەمیل**

بریار وایە لە31 -6 تا2-7 لەپایتەختی تاران لەوڵاتی ئیران کۆنفراسێکی جیهانی ببەسترێت لەژێر ناونیشانی کۆنگرەی ( نوێنەرانی ئاشتی ) بەرەسمی جێگری شارەوانی جیهان ئاشتی بانگهێشتی ئەو کۆنفراسەدەکرێت وەک هەڵویست وەرگرتن بەشداری ناکات .لەم بارەیەوە خدر کریم جێگری سەرۆکی شارەوانیەکانی جیهان بۆئاشتی تایبە بەماڵپەری هەڵەبجە وتی "هۆکاری بەشداری نەکردنەکەم وەک ئەوەی بەنوسراوێکی خۆم ئاراستەی سەرۆکی رێکخراو هەڵسورێنەرانی کۆنفراس کردوە لەئیران زۆر بەرونی ئەوەم خستوەتە بەرچاو بەهۆی ئەوەی کە سنورەکان و گوندەکانی هەرێمی کوردستان توپباران دەکرێن رۆژانەلەلایەن حکومەتی ئیرانەوە من ناتوانم لە پایتەختی ئەو ولاتە بەشداری بکەم و بانگەوازیش بۆ ئاشتی بکەم "

بەرپرسی ئۆفسی هەڵەبجەی رێکخراوی شارەوانیەکانی جیهان بۆئاشی لەلێدوانەکەیدا وتی " ئیمە 13-6 بەیاننامەیەکمان وەک ئۆفیسی هەڵەبجە دەرکرد نیگەرانی خۆمان لەبۆردمانکردنی ناوچە سنوریەکان رایگەیاند داوامانکرد حکومەتی ئیران بەگیانێکی بەرپرسانەوە مامەڵەبکات و ئەو تۆپبارانە بوەستێنیت "

خدر کریم جێگری سەرۆکی شارەوانیەکانی جیهان بۆئاشتی و سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید وەک هەڵوێستێک نەیتوانی بەشداری بکات لەو کۆنفراسەیەدا.